گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# فۆرمی حەیران لە موزیکی کوردی: لە کۆنتێکستی شێواز و پێرفۆرمەنسەوە

**خاکمەند مەجید عەبدوڵا**
بەشی موزیک، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
khakmandmajeed@gmail.com

**د. نەهرۆ زاگرۆس**
سەرۆکایەتی زانکۆی سۆران، زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق.
Nahro.zagros@soran.edu.iq

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٢/٨/٢٢
پەسەندکردن: ٢٠٢١/٩/٢٣
بڵاو کردنەوە: هاوینی ٢٠٢٢

**ووشە سەرەکییەکان**
Heyran, Musical Forms, Kurdish Songs, Heyrani Mejlisi, Heyrani çyaiy

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.7.2.4

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە، کە توێژینەوەیەکی مەیدانی و چۆنایەتییە (qualitative)، تیشک دەخاتە سەر فۆرمی حەیران لە موزیکی کوردی لە کۆنتێکستی جوگرافیای شاری هەولێر و دەوروبەری. هەوڵدانێکە بۆ شیکردنەوەی هونەری حەیران لە ڕووی فۆڕمی موزیکییەوە. لێرەدا پشت بە چەندین سەرچاوەی زارەکی و نووسراو و بیستراو بەستراوە بۆ شیکردنەوەی فۆرمی حەیران. هەروەها هەندێک نموونەی حەیران شیکراونەتەوە و نۆتەکانیان نووسراوەتەوە. ئەم توێژینەوەیە دەبێتە بنەمایەکی باش بۆ هەموو ئەوانەی نەک هەر لە فۆرمی حەیران دەکۆڵنەوە، بەڵکو ئەوانەش کە دەیانەوێت ئەم تیۆرییە بەکار بهێنن بۆ شیکردنەوەی فۆرمەکانی دیکە لە کلتووری موزیکی کوردی.

## پێشەکی

دروستکردنی هەر کارێکی موزیکی پێویستی بە ڕێسا و یاسای تایبەت بە شێوازی دارشتنی کارە موزیکییەکەوە هەیە، کە لە ڕێگەی شێوازی بنیاتنانی فۆڕمە موزیکییەکە ئەنجام دەدرێت. موزیکی هەموو میللەتانی جیهان لەسەر بنەمایەکی دیارکراودا دادەڕێژرێت و هەر جۆرێک لەو موزیکانە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

فۆڕمێکی تایبەت بە خۆیان هەیە. بە لە بەرچاوگرتنی بناغەی ئەو فۆڕمەوە، ئەو شێوازە موزیک و گۆرانییەکان دروست دەبن. گۆرانیی نەتەوەی کوردیش وەکو گۆرانیی نەتەوەکانی دیکەی جیهان فۆڕمی تایبەت بەخۆی هەیە، هەر یەکێک لەو فۆڕمانە لەسەر بنەماو ڕێسای تایبەت بە خۆیان دروست دەبن لە ڕووی تێکست و میلۆدی و مەقام و ڕیتمەوە لە یەکتر جیاوازن و شێوازی بنیاتنان و دروست کردنیشیان لە یەکتر جیاوازن، بە تایبەتی لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە ئەو جیاوازییە زۆر بە ئاسانی بەدی دەکرێت. یەکێک لە فۆڕمە گۆرانییە هەرە باوەکانی باشوری کوردستان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، فۆڕمی حەیرانە. فۆڕمی حەیران لە ڕووی داڕشتن و شێوازی دروستبوونی پێویستی بە ڕێسای تایبەت بە خۆی هەیە، ئەو کەسەی تێکستی حەیران دەنووسێت یان حەیران دادەڕێژێت و ئەو حەیرانبێژەی حەیران دەڵێت، دەبێت پەیرەوەی ئەو بنەمایانە بکات کە لە دروست بوونی حەیراندا بەکار دەهێندرێن. مێژووی سەرەتای دروستبوونی حەیران دیار نییە، چونکە ڕەگ و ریشەی فۆڕمی حەیران بەناو مێژووی ژیان و هونەری میللەتی کورددا ڕۆچووە. فۆڕمی حەیران بە شێوەی دەماودەم و سینگا و سینگ لە باوکەوە بۆ کوڕ و لە حەیرانبێژێکەوە بۆ حەیرانبێژێکی دیکە گوستراوەتەوە. بەم جۆرە پارێزگاریی لێکراوە، چونکە میللەتی کورد ئاستی ڕۆشنبیری و پێشکەوتنی بەو جۆرە نەبووە کە گۆرانی و موزیکەکان بنووسرێنەوە و لە ونبوون و فەوتان بیانپارێزن. تاوەکو ئێستاش زۆر بەکەمی مێژوونووسان و هونەرمەندان باس لە فۆڕمە موزیکییە کوردییەکان دەکەن. زۆربەی ئەو سەرچاوانەی، کە لەبەر دەستن، باس لە فۆڕمە موزیکییە کلاسیکییە ئەوروپییەکان دەکەن سودێکی ئەوتۆیان نابێت بۆ گۆرانی و موزیکی کوردی، چونکە شێوازی داڕشتن و دروستبوونی فۆڕمی گۆرانی و موزیکی کوردی بە بەراورد لەگەڵ فۆڕمی موزیکی کلاسیکی ئەوروپی لە ڕووی پێکهاتەوە زۆر جیاوازن. ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵ دەدات لە ڕووی فۆڕمەوە حەیران و ناوەڕۆکی حەیران شیبکاتەوە و دەری بخات بە بەکارهێنانی میتۆدی شیکردنەوەی موزیکی کلاسیکی. ئەوەی جێگەی تێڕامانە بە درێژایی ئەو مێژووەی باس لە فۆڕمی حەیران دەکات وەکو خۆی ماوەتەوە و گۆڕانکارییەکی ئەو تۆی تیایدا ڕووی نەداوە، ئەوەی هەیە تەنها گۆڕانکاری لە تێکستی فۆڕمی حەیران کراوە، لە لایەنە موزیکییەکەی وەکو مەقام و ڕیتم و میلۆدییەکەی وەکو خۆی ماوەتەوە و ئێستاش هەر بەو جۆرە

بەردەوامە، تەنها ئەو گۆڕانکارییە وردانە نەبێت کە حەیرانبێژ لە کاتی پێرفۆڕمەنسکردنی حەیران دەیانکات و ئەویش ئەو ئەدا و تەکنیکانە لە حەیرانبێژێکەوە بۆ حەیرانبێژێکی دیکە جیاوازە، واتە شێوەیەک لە هەروایی (سەربەخۆیی) هەیە لە پێرفۆمەنسەکەدا ئەویش دیاریکراو نییە و یاسای تایبەتی نییە.

## ١ پێشەکیەکی مێژوویی

سەرەتاکانی سەرهەڵدانی فۆڕمە موزیکییەکان بۆ قۆناغە سەرەتاییەکان دەگەڕێتەوە، زیاتر بۆچوونەکان ئەم سەرەتایە دەگەڕێننەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی یەکەمی زاینی و تا سەدەی شازدەیەم (فەرەج، ٢٠٠٥: ١٧). لە نێوان ئەم ماوە درێژەدا بەشێکی زۆری فۆڕمە موزیکییەکان سەریان هەڵداوە، هەرچەندە ئەوە مانای ئەوەش ناگەیەنێت دوای ئەو سەردەمانە ئیتر فۆڕمی موزیکی دیکە دروست نەبوون، بەڵکو تاوەکو ئێستاش موزیک هەر لە پێشکەوتن و نوێگەری دایە وەکو هەموو بەشەکانی دیکەی ژیانی مرۆڤ لە پێشکەوتندایە. کارامەیی و لیهاتوویی موزیککارە جیهانییەکان بە گوێرەی هەموو سەردەمەکان بەردەوام لە گەشەسەندن و پێشکەوتندا بووە. هەر وەک چۆن سەرەتای سەرهەڵدانی موزیک بۆ دەنگی مرۆڤ دەگەڕێتەوە، بە هەمان شێوەیەش فۆڕمە موزیکیە سەرەتاییەکانیش بریتی بوون لە کۆمەڵە گۆرانییەک کە سەرجەمیان گوزارشتیان لە ژیان و فەرهەنگ و بۆنەی ئایینی و بۆنە تایبەتەکانی ژیانی ئەو سەردەمەی کردووە. فۆڕم لە موزیکی ڕۆژئاواییدا مێژوویێکی دوور و درێژی هەیە بە هەر سەردەمێکدا تێپەڕیوە، وەکو سەدەکانی ناوەڕاست و ڕێنسانس و بارۆک و کلاسیک و ڕۆمانتیک و مۆدێرن و تا سەردەمی ئیمرۆکەش، کاریگەری خۆی بەسەردا سەپاندووە. هونەرمەندە ڕۆژئاواییەکانیش بە پێشڕەوی بناغەی بنیاتنانی فۆڕمە موزیکی و گۆرانییەکان دادەندرێن (یاسین،٢٠٠٢: ١٦٩).

## ٢ پێکهاتەی فۆڕمی موزیک

:١ فۆڕمی موزیک، فۆڕمەکە بە گوێرەی پێوەر و بنەماییەکی تایبەتی دادەڕێژرێت بە لەبەرچاوگرتنی چەند ڕێساو یاسایەکی تایبەت بەو فۆڕمە. وەکو فۆڕمی سۆناتە و کۆنشێرتۆ و ... هتد (ئازید، ٢٠١٦: ٢٨٣).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٢: پێکهاتەی فۆڕمی موزیک، "داڕشتنی فۆڕمی موزیکی پێویستە لەسەر بنەمای تێم یان بابەت دروست بکرێت" (ئازید، ٢٠١٦: ٢٨٣). لێرەدا مەبەست لەشێوازی داڕشتن و پێکهاتەی فۆڕمە موزیکییەکانە .

## ٢-١ شێوازی داڕشتنی فۆڕمی موزیکی

هەموو فۆڕمێکی موزیکی لەسەر بنەمای چەند تێمێک دادەڕێژرێت (ئازید، ٢٠١٥: ٢٨٣). پسپۆڕانی موزیکی جیهانی بۆچونییان وایە، کە فۆڕمە موزیکییەکان لەسەر بنەمای تێمی یەکانی و دووانی و سیانیی لێکدراو دروست دەکرێن. هەر کاتێک کە دانەری موزیکی بڕیار دەدات دەست بە داڕشتنی کارێکی موزیکی بکات، ئەوا ڕاسەوخۆ پەنا بۆ فۆڕمێکی موزیکی گونجاو دەبات، کە لەگەڵ بیرۆکە و کارەکەی بگونجێت، بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدات کە گونجاندن، دروستبکات لە نێوان بیرۆکە و شێوازی داڕشتنی موزیکەکە ئەمەش وادەکات فۆڕمێکی ڕون و ئاشکرا بەکارە موزیکییەکە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ببەخشێت. بۆ بەرچاو ڕوونییەک ئەگەر باسی فۆڕمی موزیکی کلاسیکی ئەوروپی بکەین دەبینین لە چەند فۆڕمێک پێکدێت وەکو فۆڕمی سترۆفیک،[1]فۆڕمی باینەری،[2] فۆڕمی تێرنەری،[3] فۆڕمی ڕۆندۆ،[4] سۆناتە فۆڕم.[5]

## ٣ بەشێک لە فۆڕمەکانی پێرفۆڕمەنسی کوردی

[1] فۆڕمی سترۆفیک strophic: شێوازی دروست بوون و داڕشتنی ئەم فۆڕمە موزیکە لە یەک تێم پێک دێت. بە زمانی موزیکی کلاسیکی پێی دەڵێن (strophic)، "ئەم شێوازە بە فۆڕمێکی هەرە سادە و ساکاری موزیکی هەژمار دەکرێت، چونکە هەموو موزیکەکە دووبارەکردنەوەی یەک تێمە، ئەویش بابەتە سەرەکیەکەیە، بەڵام هەرجارە و بە تەکنیکێک دووبارە دەبێتەوە" (ئازید،٢٠١٦: ٢٩٠). ئەم جۆرە فۆڕمە لە موزیکی فۆلکلۆریدا زۆر باوە.

[2] فۆڕمی باینەریbinary : شێوازی دروستبوون و داڕشتنی ئەم فۆڕمە موزیکییە لە دوو تێم پێک دێت (فەرەج، ٢٠٠٥: ٧١)، بە زمانی موزیکی کلاسیکی پێی دەڵێن باینەری (binary). هەر تێمێک بابەتێکی تایبەت بەخۆیان هەیە و لە یەکتر جیاوازن، تێمی یەکەم لەسەر سکێڵێکی موزیکی بنیات دەندرێت و تێمی دووەم مۆدەکە دەگۆڕێت و دەچێتە سکێڵێکی نزیک لە سکێڵی تێمی یەکەم. لە سەرەتادا تێمی (A) نمایش دەکرێت و کە کۆتایی پێهات ئینجا تێمی (B) نمایش دەکرێت، ئەویش بە بەستنەوە و گرێدانی لەگەڵ تێمی (A)، بەڵام بە شێوەیەکی جیاواز و لە تێمی (B) کۆتایی بە موزیکەکە دێت (فەرەج، ٢٠٠٥: ١٤١).

[3] فۆڕمی تێرنەریternary: شێوازی دروستبوون و داڕشتنی ئەم فۆڕمە موزیکییە لە سێ تێم پێک دیت. بە زمانی موزیکی کلاسیکی پێی دەڵێن تێرنەری (ternary). تێمی یەکەم پێی دەڵێن تێمی (A)، تێمی دووەم پێی دەڵێن تێمی (B)، تێمی سێیەم پیی دەڵێن تێمی (C). لە سەرەتادا موزیکەکە بە تیمی (A) دەست پێدەکات، کە کۆتایی پێهات ئینجا دەست دەکرێت بە نمایشکردنی تێمی (B)، کە ئەو تێمەش کۆتایی هات ئینجا تێمی سێیەم (C) دەست پێدەکات و موزیکەکە بەو تێمە کۆتایی پێدێت. لە هەندێک کاتدا تێمی سێیەم دوبارەکردنەوەی تێمی یەکەمە، واتە داڕشتنی موزیکەکە بە شێوەیەی لێدێت: (ABC) بەڵام ئەمە مەرج نییە، بەڵکو هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پێداویستی موزیکەکە و بیرۆکەی دانەرەکە. (ئازید، ٢٠١٦: ١٩١). زۆربەی جار بە زیادکردنی کۆدا (coda) کۆتایی بە پارچە موزیکەکە دێت.

[4] فۆڕمی ڕۆندۆ rondo : شێوازی دروستبوون و داڕشتنی ئەم فۆڕمە موزیکییە تێکەڵە: بە تێمێک دەست پیدەکات و هەردەم لە گۆڕانکارییە، واتە تێمەکانی دیاریکراو نین و دەگەڕێتەوە سەر پێداویستی پارچە موزیکەکە (ABCD...). لە هەندێک کاتدا بە زمانی موزیکی کلاسیکی بەم جۆرە فۆڕمە دەڵێن (ڤاریاچۆن- ڤارییەیشن)(variation) واتە گۆڕانکاری تێمەکانی بەم شێوەیە دروست دەبیت (A,B,AC,A,BA). هەندیک جار بەناوی فۆڕمی بازنەیش دەستنیشان دەکرێت، کە پێی دەگوترێت ڕۆندۆ (rondo). ئەویش تێمەکانی بەم شێوەیە دروست دەبێت (ABACADAEAFAG...) (ئازید، ٢٠١٦: ٣٩٢).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

''لەناو گۆرانی و موزیکی کوردیدا چەند فۆڕمێکی دەنگی هەن کە تایبەتن بە میللەتی کورد و پیرفۆڕمەنس دەکرێن بەپێی شێوازەکانییان لەناو چوارچێوەی مەقامەکاندا'' (یاسین، ٢٠١٨: ١١٤). هەموو فۆڕمە دەنگییەکان هەریەکەیان لە ڕووی پێرفۆڕمەنسکردنەوە تایبەت مەندی خۆی هەیە، هەندێکییان بە هاوکاری ئامێری موزیکی دەگوترێن و هەندێکییان بەبێ ئامێری موزیکی و هەندیکییان بە سۆلۆ دەگوترێن. هەریەکێکیش لەم فۆڕمە دەنگییانە لە ناوچەیەکی تایبەتی کوردستان بەکاردەهێندرێن و تایبەت مەندی ئەو ناوچانەیان لەسەرە لە ڕووی ژیان و شێوەزار و هتد... هۆرە، سیاچەمانە، لاوک، حەیران، بەستە، بەیت، لاوژە، گەلۆ، لای لایە، ئای ئای، قەتار هتد... ئەمانەی خوارە نموونەی بەشێکن لە فۆڕمە گۆرانییەکان:

---

[5] سۆناتە فۆڕم: شیوازی دروستبوون و داڕشتنی ئەم فۆڕمە لە سێ تێم و کۆدا پێکدێت. تێمی یەکەم (A)، تێمی دووەم (B)، تێمی سێیەم (A1) دەستنیشان دەکرێت، لە کۆتایدا کۆدا نمایش دەکرێت، هەرچەندە مەرجی سەرەکی نییە دەگەڕێتەوە سەر ویستی دانەرەکە. شێوازی داڕشتنی بەم شێوەیەیە:

A- ئێکسپۆزەیشن (Exposition) واتە نمایشکردنی ئەم تێمە لە سێ تێم یان بەش پێکدێت:

١: تێمی یەکەم نمایشدەکرێت لە چەند پارچە میلۆدییەک پێکدێت بە ڕیتمێکی زۆر چالاکە، تیمپۆیەکی خێرای دەبێت، پێویستە لەسەر سکێلی سەرەکی پارچە موزیکەکە بێت.

٢: تێمی دووەم نمایش دەکرێت، مۆدیولەیشن واتە گۆڕینی سکێڵ لە نێوان تێمی یەکەم و تێمی دووەم ڕوو دەدات، خۆی لە شێوەی پردێک پیشان دەدات. لێرەدا گۆڕانکاری لە سکێڵە سەرەکییەکە ڕوو دەدات.

٣: تێمی سێیەم هەمان بابەتی یەکەم نمایش دەکاتەوە، بەڵام لە سکێڵێکی پێچەوانەی سکێڵە سەرەکییەکە. هەندێک جار بە کۆدە کۆتایی بەم تێمە دێت (فەرەج، ٢٠٠٥: ١٦٥-١٦٦).

B- دیڤلۆپمێنت Development: بەگشتی لە تۆنالیتەی ئێکسپۆزەیشن دەست پێدەکات. نمایش کردنێکی سەربەخۆیە بە سوود وەرگرتن لە تێمی (A). گۆڕانکارییەکی زۆری سکێڵ گۆڕین ڕوو دەدات، واتە مۆدیولەیشن زۆر دەکرێت (ئازید، ٢٠١٦: ٣٧٠).

A1- ڕیکاپتیولەیشن Recapitulation: واتە دووبارەکردنەوە، ئەم تێمە دووبارەکردنەوەی ئێسپۆزیسیۆنە، لە هەمان سکێڵی سەرەکیی پارچە موزیکەکە. میلۆدییەکان بە شێوەیەکی سادە و ساکارتر لە تێمی یەکەم نمایش دەکرێن (ئازید، ٢٠١٦: ٣٦٩-٣٧٠).

کۆدا (koda): بەشێکی بچووک و یاریدەدەرە، لە چەند خانەیەکی موزیکی کەم پێکدێت. کۆدا بە مەبەستی پیشاندانی کۆتاییهاتنی جووڵە موزیکییەکان نمایش دەکرێت. (فەرەج، ٢٠٠٥: ١٦٧).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ٤ فۆڕمی حەیران

حەیران بە یەکێکە لە فۆڕمە هەرە باڵاکانی ناو موزیک و گۆرانیی کوردی دادەنریت. فۆڕمێکی دەنگییە، واتە تەنها بە دەنگ دەچڕدرێت. فۆڕمی حەیران سترۆفیکە (strophic)، واتە فۆڕمێکە لە یەک تێم پێک دێت، بەڵام لەناو خۆیدا دابەش دەبێتە سەر چەند بەشێک. فۆڕمی حەیران جێگەیەکی تایبەت و گەورەی لەناو گۆرانی و موزیکی کوردییدا هەیە. حەیران فۆڕمێکی لادێیە، واتە لە لادێ سەری هەڵداوە دواتر پەلی هاوێشتۆتە ناو شارەکان. حەیران بەشێوەیەکی گشتی دەتواندرێت درێژ یان کورت بێت، بەڵام دەبێت سەربەند و ناوبەند و دوابەندی هەبێت 'حەیران، ٢٠٢١ (چاوپێکەوتن)'. سەرەتا کە حەیرانبێژ دەیەوێت دەست بە گوتنی حەیرانەکەی بکات، دەبێت خۆی یەکلایی کردبێتەوە کە ئایا حەیرانی مەجلیسی دەڵێت یان حەیرانی سەرچیایی، چونکە شێوازی دەستپێکردنیان جیاوازە لەڕووی ئەو تۆنەی کە حەیرانەکەی لەسەر دەگوترێت. لەسەرەتای دەستپیکردنی حەیرانەکە، حەیرانبێژ ئازادە لە درێژی و کورتی دەستپێکردنەکەی، کە ئەوەش زیاتر پەیوەستە بە دریژی و کورتیی هەناسەی حەیرانبێژەکە. حەیرانبێژ لە دوابەندی حەیرانەکەی بە تایبەتی وشەی کۆتایی حەیرانەکەی دەبێت داینامیکی کۆڕۆنا و ڤیبراتۆ بەکاربهێنێت، زۆر بە نەرمی ئەدای بکات. سەرەتای دەست پێکردنی حەیران لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە جیاوازە لە ڕووی زمانەوانیەوە، بۆ نموونە: لە ناوچەی دەشتی هەولێر حەیرانبێژ کە دەست بە حەیرانەکەی دەکات سەرەتا دەڵێت: حەیران دەرێم، بەڵام لە ناوچەی باڵەکایەتی حەیرانبێژەکە دەڵێت: حەیران دەڵێم. لەکاتی وتنی حەیران، پێویستە ڕەچاوی شێوەزاری قسەکردن و فۆنەتیکی ئەو ناوچەیە بکرێت، کە حەیرانەکەی لێ دەگوترێت. پێویستە تێکستی حەیران لەو وشانە پێک هاتبن یان بەو شێوەزارە نووسرابن کە موڵکی ئەو ناوچەیەن، ئەگەرنا حەیرانەکە تێکدەدات و لە ئایندەشدا دەیشێوێنێت. حەیران یەک جۆرە، بەڵام شێوەی گوتنەکەی دوو جۆرە کە ئەوانیش حەیرانی مەجلیسی و سەرچیاییە 'حەیران، ٢٠٢١ (چاوپێکەوتن)'. فۆڕمی حەیران یەکێکە لە فۆڕمە هەرە باڵاکانی ناو گۆرانی و موزیکی کوردی 'خۆشناو، ٢٠٢١ (چاوپێکەوتن)'. سەرەتای دەستپێکردنی حەیران لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕدرێت، یان هەمان حەیرانبێژ لە هەمان حەیران بە دوو جۆر حەیرانەکە پێرفۆڕمەنس دەکات، بەڵام لە دوو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کاتی جیاواز، کە هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەست و سۆزی حەیرانبێژەکە لەو کاتانەدا. "لە کاتی گوتنی دوابەندی حەیران و لە دووای درێژکردنەوەی وشەی کۆتایی، پێویستە هەمان وشەی کۆتایی دووبارە بکرێتەوە" 'خۆشناو، ٢٠٢١ (چاوپێکەوتن)'. سەرەتای دەستپێکردنی حەیران دەگەڕێتەوە سەر حەیرانبێژەکە چۆن دەست پێدەکات، مەرج نییە بە 'حەیران دەرێم' دەست پێبکات. "حەیران لە ڕووی فۆڕمەوە یەک جۆرە، بەڵام دوو جۆر گوتن یان پێرفۆڕمەنس کردنی هەیە، کە ئەوانیش: مەجلیسی و سەرچیاییە" 'عەدۆ، ٢٠٢١ (چاوپێکەوتن)'. "لەڕووی پێکهاتەوە، حەیران لە سێ بەش پێکدێت، ئەوانیش سەربەند و ناوبەند و دوابەندە" 'ڕەسول، ٢٠٢١ (چاوپێکەوتن)'. حەیران فۆڕمێکی دەنگبێژییە لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان باوە.

## ٤-١ داڕشتنی حەیران لە ڕووی فۆڕمەوە

١) سەربەند: ئەم بەندە سەرەتایە بۆ چوونە ناو حەیران، وەک وتاردان وایە، کە بەچەند ڕستەیەک وەکو وتاردان دەستپێدەکات. سەربەند کە سەرەتا حەیرانبێژ بە چەند ڕستەیەک لە شێوەی قسەکردن بابەتەکە دەکاتەوە، ئەم بەندە دەستپێکی حەیرانەکەیە و هەم بڕیاردەری دەنگی دەستپێک و کۆتایی حەیرانەکەیە و هەم ڕێگە خۆشکەرە بۆ چونە ناو بەندەکانی تری حەیرانەکە. هەرچەندە سەربەندی حەیران لە چەند وشەیەک پێکدێت، زیاتر هەستبزوێنن و وەکو هێمایەکی ئاگادارکردنەوەیە، کە حەیرانبێژ بۆ گوێگرەکەی دەڵێت. ئەمەش پێویستی بە دەنگ هەڵبڕینێکی زیاتر هەیە، وشەکانیش زاتر باس لە ناو و کات و شوێن دەکەن.

٢) ناوبەند: لێرەوە حەیرانبێژەکە دەچێتە ناو ناوەڕۆکی بابەتەکەی بە درێژی، تاوەکو مەبەستەکەی خۆی ڕوون بکاتەوە و بە تێر و تەسەلی باسی ڕوداوەکان دەکات. ئەم بەندە زیاتر دەچێتە ناو ناخی حەیرانەکە، ڕوبەرێکی گەورە دروست دەکات بۆ حەیرانەکە، هەروەها تیایدا باسی پاڵەوانان و چیرۆکی ناو بابەتی حەیرانەکە دەکرێت. لێرەدا حەیرانبێژ زۆر لێهاتووانە و وەستایانە باس لە ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکەی دەکات و زۆر شارەزایانە کاری لەسەر دەکات.

٣) دوابەند: لەدوای ناوبەند دەست پێدەکات. لێرەدا حەیرانبێژ کار لەسەر ئەوە دەکات کە ڕووداوەکە بە ئەنجام بگەیەنێت، کە ئەمیش بەرە بەرە بە هێنانەوەی چەند ڕستەیەک بۆ زیاتر شیکردنەوەی ڕووداوەکان و کۆتاییهێنان بە دەقی حەیرانەکە و لکاندنی دوابەند بە سەربەندی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

حەیرانەکە. لێرەدا حەیرانبێژەکە وردە وردە حەیرانەکە بەرەو کۆتایی دەبات. (مەخموری، ٢٠٠١: ٣٩).

**نموونە (٢): تێکستی حەیران**

*حەیران خۆزی بە خۆزیداران ئەمن کوریکەک باما لە کوریکێ کەسنەناسی، شین بباما یەوە لەسەر گردەکەی پیرداودی بەرامبەر شێراوە و قوچە برباسی، کیژ دەرێ: ئەتو لۆ ناگەیە جۆتە شەمامەکانی ڕۆستەم بەگی ئەوە سەرێ چەند سارانە سەبارەت بە دوو چاوی تو داکەتینە لەبن کەوێ و کراسی* (دەشەتەکی، ١٩٩٨: ٢١٤-٢١٥).

## ٤-٢ شێوازی داڕشتنی فۆڕمی حەیران لە ڕووی پێکهاتەی موزیکییەوە

فۆڕمی حەیران سترۆفیکە (strophic) واتە لە یەک میلۆدی سەرەکی پێکدێت، بەڵام لە ناو خۆیدا دابەش دەبێتە سەر سێ بەش. ناتواندرێت ئەو سێ بەشانە ناوبندرێن تێم، چونکە لە شێوازی دروستبوونی فۆڕمی موزیکی کلاسیکی پێویستە لە کاتی تەواوبوونی تێمێک و دروستکردنی تێمێکی دیکە پێویستە تێمە نوێیەکە ئەگەر مێجەر بوو یان ماینەر بوو سکێڵەکە ئەوا پێویستە بچێت بۆ دۆمینانت یان سوب دۆمینانتی سکێڵە سەرەکییەکە، واتە دەبێت تێمە نوێیەکە لەسەر بناغەی دەنگی چوارەم یان پێنجەمی سکێڵە سەرەکیەکەی پارچە موزیکەکە دابمەزرێت، بۆیە ناتواندرێت پێکهاتەی فۆڕمی حەیران ناوی سێ تێم یان سێ بابەتی لێبندرێت. هەر سێ بەشەکەی کە حەیرانی لەسەر بنیات دەندرێن لەسەر مەقامی بەیاتە، واتە لە هەر سێ بەشەکە هیچ گۆڕانکارییەک لە مەقامەکە ناکرێت.

١) حەیرانی مەجلیسی: شێوازی گوتنی ئەم حەیرانە لە سێ بەش یان (A1,A2,A3) پێکدێت. سەرەتا بە بەشی یەکەم (A1) دەست پێدەکات، ئەم بەشە بە دەنگی سەرەکی مەقامەکە دەستپێدەکات، بە چەند دەنگێکی کورت و درێژ، کە سەرەتای دەستپێکردنی حەیرانەکەیە. لێرەدا دەنکی درێژ یان تۆنی درێژ زۆر گرینگە و یەکێکە لە پێداویستیە سەرەکیەکانی ئەم بەشە. پاشان حەیرانبێژ لە نێوان دەنگی سەرەکیی مەقامەکە تا دەنگی پێنجەمی مەقامەکە حەیرانەکەی دەڵێت. بە دەنگی سەرەکی مەقامەکە، کە تۆنێکی درێژە، کۆتایی بەم بەشە دەهێنێت. دواتر حەیرانبێژ هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەمژێت، پاشان بەشی دووەم (A2) بە دەنگی پێنجەمی مەقامەکە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەستپێدەکات. ئەم بەشە پێکدێت لە چەند دەنگێکی کورت و بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت. لەم بەشەدا حەیرانبێژ تەنها دەنگی سەرەکی تا دەگاتە دەنگی پێنجەمی مەقامەکە بەکاردەهێنێت، پاشان بە دەنگی سەرەکیی مەقامەکە، کە دەنگیکی درێژ بەکار دەهێنێت کۆتایی بەم بەشە دەهێنێت. لەگەڵ وەرگرتنی هەناسەیەک یان ژەنینی سۆلۆیەکی ئامێری، پاشان بەشی سێیەم (A3) بە دەنگی چوارەمی مەقامەکە دەستپێدەکات. لە هەندێک کاتدا، حەیرانبێژ دەچێت بۆ دەنگی پێنجەم، بەڵام ئەمە مەرج نییە، بەڵکو پەیوەستە بە توانست و حەزی حەیرانبێژەکە. لەم بەشەدا حەیرانبێژ پلە بە پلە دەچێتە دەنگی سێیەم و دووەم و پاشان بە دەنگی سەرەکیی مەقامەکە، کە دەنگێکی درێژە، کۆتایی پێدەهێنێت. درێژی و کورتیی ئەم دەنگەش کاتێکی دیاریکراوی نییە، واتە دەگەڕێتەوە سەر چۆنیەتی ئەدای حەیرانبێژ[6].

**نموونە (١): مەقامی بەیات لەسەر دەنگی سەرەکی**





**نموونە (٢): مەقامی بەیات لەسەر دەنگی سۆڵ**



**نموونە (٣): نۆتەی حەیران**

[6] ئەم شیکردنەوەیە بە پشت بەستن بە حەیرانی (حەیران و بەسەتە) لە پرۆگرامی حەیران و بەستە ئەڵقەی ٢١ حەیرانبێژ شێروان بێرکۆتی ئەنجام دراوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)





**نموونە (٤): تێکستی حەیران**

*دەوجە دەرێن برایینە ئەورۆ ئێوارێ بابە دەرێم دونێ ئێوارێ مامەری دەیگۆ حەسەن برا بەتەمامە ئەورۆ سبیانێ ئەمن سەفەرەکی بە مرازێ درێ خۆ بکەم لۆ کن حەمە ئاغای کۆیێ دەرێن برادەرەکی گەلە ماقول و خانەدانە لە مێژە نەدیتینە دەبا بچمە سەردانێ، برام لە پاشی چاوێ مامەری ئەوەتانێ موشتەری ئەسمەرە شۆڕێ هاتینە دانیشتن لە کێلێ مەمدانێ لە بانیێ تویێ لە بستێ وشەمری وەی لە لایێ زێریدارە شەکرانێ، ئەسمەرێ وەکی زانی موشتەری وا هاتینە دەیخوازن بە دزی باوکێ خۆ هەرستا لەناو ڕەشماران گەڕا گۆتی کیبی قاسیدەکم لۆ بکە ڕۆرە وەی بەچە زێڕێ زەمانێ خۆم لۆ بگەیینەدوو مامەری برێنە مامەری مردنی لۆ باشترە لە ژینێ نەوەک وازم لێبینی بکەومە دەستی عالەمێ دەبرێنە مامەری لەو ڕۆژەی کەوی وەکی لە گوڕا مزگەفتێ لێکدی دەست لە قورئانێدا ئەگەر بمرم ئی گرێ گۆڕانم ئەگەر بژیم ئی باوەش و باغەرێ مامەریمە برێنە مامەری کو وابی واز لەو مرکەی بینی ئێ یێ یێ لە مارێ.*

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**نموونە (٥): نەخشەی بە دوای یەک هاتنی بەشەکان**




٢) حەیرانی سەرچیایی: شێوازەی گوتنی ئەم حەیرانە لە سێ بەش (A1,A2,A3) پێکدێت. سەرەتا حەیرانبێژ بە بەشی یەکەم (A1)، بە دەنگی پێنجەمی مەقامەکە دەستپێدەکات، تۆنی درێژ پێداویستییەکی سەرەکی ئەم بەشەیە، لەگەڵ وەرگرتنی هەناسەیەکی کورت دەنگی حەیرانبێژ دەچێت، بۆ دەنگی شەشەمی مەقامەکە. لەم بەشەدا دەنگەکانی سێیەم و چوارەم و پێنجەم و شەشەمی مەقامەکە بەکاردێن. بە تۆنێکی درێژ، کە زۆربەی کاتەکان دەنگی چوارەم یان پێنجەمی مەقامەکەیە، کۆتایی بەم بەشە دێت. لە دوای وەرگرتنی هەناسەیەکی قووڵ، بەشی دووەم (A2) بە دەنگی سێیەمی مەقامە، دەستپێیدەکات. لەم بەشەدا حەیرانبێژ زیاتر تۆنی کورت کورت بەکاردەهێنێت و ئەو دەنگانەی کە بەکاری دەهێنێت تەنها دەنگەکانی دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەمی مەقامەکەیە. ئەم بەشە بە دەنگی سەرەکی مەقامەکە کۆتایی دێت، کە دەنگێکی درێژە. لە دوایی وەرگرتنی هەناسەیەکی قوڵ، بەشی سێیەم (A3) بە دەنگی دووەمی مەقامەکە دەست پێدەکات. لەم بەشەدا حەیرانبێژ زیاتر بازدان لە نێوان دەنگەکان بەکاردەهێنێت، ئەمەش زیاتر بۆ پیشاندانی توانای تەکنیک و ئەدای حەیرانبێژەکەیە. ئەو دەنگانەی کە لەم بەشەدا بەکاردەهێندرێن لە نێوان دەنگی دووەم تا دەنگی پێنجەمی مەقامەکەیە، بەشێوەیەکی کورت کورت دەنگەکان بەکاردەهێندرێن. لە کۆتاییدا بە دەنگی سەرەکیی مەقامەکە، کە دەنگێکی درێژە کۆتایی بەم بەشە دێت.[7]

[7] ئەم شیکردنەوەیە بە پشت بەستن بە حەیرانی (چەپکێک حەیران- مەقامی بەیات- ٥) حەیرانی یەکەم، لە نوسین و گوتنی حەیرانبێژ ڕەسول گەردی ئەنجام دراوە.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢


ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


**نموونه (٦): مەقامی بەیات لەسەر دەنگی لا**



**نموونه (٦): نۆتەی حەیران**








**نموونەی (٨): تێکستی حەیران**

*حەیران حەیران ئەورۆ هێواریّ نادری بە من گەلە نادری، ئای چاوەکەم بەمن نادری گەلەک بەمن نادری، لە چاوان بازی لە برۆیان سەقەری، ئەی ئامان و سەد ئامان وەڵا دەرێم لەمن دەرگۆیێ ئایی ئایی ئایی کۆتری.*

**نموونه (٩): نەخشەی بەدوای یەک هاتنی بەشەکان A1, A2, A3**



## ٣-٤ جۆرەکانی دەست پێکردنی حەیران

١) مەجلیسی

١) سەرەتا حەیرانبێژ هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەمژێت، بەشی یەکەم (A1) نمایش دەکرێت، سەرەتای دەستپێکردنی ئەم تێمە بە دەنگی سەرەکیی مەقامەکە دەستپێدەکات و دەڕوات تا دەنگی چوارەمی مەقامەکە، دەنگی چوارەمی مەقامەکە بە گوێرەی ئەدای حەیرانبێژ درێژ دەکرێتەوە، واتە کاتێکی دیاریکراوی نییە. دواتر حەیرانبێژ دەچێتە سەر دەنگی پێنجەمی مەقامەکە و بەم شێوەیە لە نێوان دەنگی دووەم تا دەنگی پێنجەمی مەقامەکە حەیرانەکە دەڵێت و هەموو ئەو تەکنیک و داینامیکانە بەکاردەهینێت کە پیویستن بۆ جوانکاری و ئەدای حەیرانەکە. ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر زیرەکی و توانای حەیرانبێژەکە، ئایا چەندە توانای لە بەکارهێنانی داینامیکەکان هەیە. پاشان پلە بە بلە دەچێتەوە سەر دەنگی سەرەکی مەقامەکە و بە دەنگێکی درێژ کۆتایی بەم بەشە دێت، بە گوێرەی ئەدای حەیرانبێژە، واتە کاتێکی دیاریکراوی نییە.


**نموونە (١٠): نۆتەی دەستپێکردنی حەیران**



٢) سەرەتا حەیرانبێژ هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەمژێت، بەشی یەکەم (A1) نمایش دەکرێت، سەرەتای دەستپێکردنی ئەم تێمە حەیرانبێژ ڕاستەوخۆ لە دەنگی چوارەمی مەقامەکە دەست بە حەیرانگوتن دەکات. دەنگی چوارەمی مەقامەکە بە گوێرەی ئەدای حەیرانبێژ درێژ دەکاتەوە، واتە کاتێکی دیاریکراوی نییە. دواتر حەیرانبێژ دەچێتە سەر دەنگی پێنجەمی مەقامەکە، بەڵام بە کاتی کورت کورت، دواتر پلە بە پلە لەگەڵ ئەداکردن دێتە سەر دەنگەکانی چوارەم و سێیەم و دووەم و پاشان دەچێتە سەر دەنگی یەکەمی مەقامەکە و بە دەنگێکی درێژ بە گوێرەی ئەدای حەیرانبێژ کۆتایی بەم بەشە دێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**نموونە (١١) نۆتەی دەستپێکردنی حەیران**



٢) سەرچیایی

سەرەتا حەیرانبێژ هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەمژێت، بەشی یەکەم (A1) نمایش دەکرێت. سەرەتای دەستپێکردنی ئەم تێمە ڕاستەوخۆ بەدەنگی پێنجەمی مەقامەکە دەست بە گوتنی حەیران دەکرێت. ئەم دەنگەش هەموو کات دەنگێکی درێژە، مەودای دەنگ و حەیرانەکە بە گوێرەی ویستی حەیرانبێژ درێژ دەکرێتەوە، واتە کاتێکی دیاریکراوی نییە. دواتر حەیرانبێژەکە دێتە دەنگی چوارەم و سێیەمی مەقامەکە و لەو سێ دەنگەدا چەند جارێک ئەدا و تەکنیکی خۆی دەکات، دواتر پلە بە پلە دێتە سەر دەنگەکانی چوارەم و سێیەم و دووەم. لە کۆتایی ئەم تێمەدا، بە دەنگی سەرەکیی مەقامەکە، دەنگێکی درێژ کە کاتەکەی دیاریکراو نییە و بە گوێرەی ویستی حەیرانبێژ، کۆتایی بەم بەشەی حەیرانەکە دێت.

**نموونە (١٢): نۆتەی دەستپێکردنی حەیران**



## ٤-٤ جۆرەکانی کۆتاییهێنانی حەیران

١) مەجلیسی

حەیرانبێژ هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەمژێت، بەشی کۆتایی (A3) نمایش دەکرێت. سەرەتای ئەم بەشە بە دەنگی چوارەمی مەقامەکە دەست پێدەکات، کاتەکەی ناوەندیە، واتە نە زۆر کورتە و نە زۆر درێژە. هەرچەندە بە گوێرەی ویستی حەیرانبێژە هەندێک جار زیاتر کورت و درێژ دەبێتەوە، واتە کاتێکی دیاریکراوی نییە. دواتر حەیرانبێژ دەنگی پێنجەمی مەقامەکە بەکاردەهێنێت، بەڵام زۆر بە کورتی و دواتر دیتەوە سەر دەنگی چوارەم و سێیەم، پاشان دەچێتەوە دەنگی چوارەم و پێنجەم، ئەم جوڵەیە چەند جارێک ئەنجام دەدات، بە گوێرەی ویستی حەیرانبێژەکە، پلە بە پلە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دێتە دەنگەکانی سێیەم و دووەمی مەقامەکە و چەند جاریک بازدان لە نێوان دەنگی دووەم و پێنجەمی مەقامەکە ئەنجام دەدات، ئەمەش بە مەبەستی پیشاندانی توانای تەکنیکی حەیرانبێژەکەیە. لە دەنگی چوارەمی مەقامەکەوە، حەیرانبێژ پلە بە پلە دێتە دەنگەکانی سێیەم و دووەم و لە کۆتاییدا لەسەر دەنگی سەرەکی مەقامەکە ڕادەوەستێت و بە ئەداکردن و بە دەنگێکی درێژ، کە کاتەکەی دیاری کراو نییە، ئەم تێمە کۆتایی دێت.

**نموونە (١٣): نۆتەی کۆتایی حەیران**



٢) سەرچیایی

حەیرانبێژ هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەمژێت. بەشی کۆتایی (A3) نمایش دەکرێت. سەرەتای ئەم بەشە بە دەنگی دووەمی مەقامەکە دەست پێدەکات. کاتەکەی ناوەندی و کورتە، هەرچەندە کاتێکی دیاریکراوی نییە و دەگەڕێتەوە سەر توانا و ویست و خولیای حەیرانبێژکە، کە چۆن حەیرانەکەی ئەدا دەکات. دواتر بە شێوەیەکی یەک لەدوای یەک دەنگەکانی سێیەم و چوارەم و هەندێک جاریش پێنجەمی مەقامەکە بەکاردەهێندرێت. بەکارهێنان و ئەداکردنی دەنگەکان لەم تێمەدا لە نێوان دەنگی دووەم و سێیەم و چوارەمی مەقامەکە دەبێت و چەند جارێک دووبارە دەکرێتەوە، دواتر پلە بە پلە لە دەنگی چوارەمی مەقامەکەوە دێتە دەنگی سێیەم و دووەم و لە کۆتاییشدا بە دەنگی سەرەکیی مەقامەکە، کە دەنگێکی درێژە، کۆتایی بەم تێمە دێت.

**نموونە (١٤): نۆتەی کۆتایی حەیران**



## ٥ جیاوازیی حەیران لەگەڵ فۆڕمی گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانی کوردی

ئەوەی فۆڕمی حەیران لە فۆڕمە گۆرانییەکانی دیکە جیا دەکاتەوە، کۆمەڵە جیاوازییەکن ڕاستەوخۆ وا لە گوێگر دەکات بزانێت ئەوە فۆڕمی حەیرانە. ئەم فۆڕمە بە شێوەیەکی باش لە لایەن خەڵکی هەر چوار پارچەی کوردستان دەناسرێت. ئەو مەقامەی کە حەیرانی لەسەر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دادەڕێژرێت، پێویستە مەقامی بەیات بێت، هەر چەندە حەیرانبێژ و دەنگبێژان هەوڵیانداوە لەسەر مەقامەکانی سەبا و حیجاز حەیران بڵێن، بەڵام سەرکەوتوو نەبوونە (کەبابچی، ت ٣، خ١٠). هەرچەندە بەشێک لە حەیرانبێژان بەبێ ویستی خۆیان حەیرانەکەییان بە مەقامێکی دیکە چڕیووە، واتە بە سوتفە بووە، لەوانەیە موزیکژەنان یان ئەو بەرهەمانەی کە پێش حەیرانەکە گوتویەتی کاریگەری لەسەر گۆڕینی مەقامەکە کردووە. هەموو ئەو ئەرشیفە دەنگیانە یان ئەو نووسین و چاوپێکەوتنانەی لە پەرتوکخانە و ئەرشیفی موزیک و گۆرانیی کوردیدا هەن، بە تێکڕا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن و دەڵێن حەیران لەسەر مەقامی بەیات بگوترێت. درێژی و کورتی حەیران لە ڕووی کاتەوە دەگەڕێتەوە سەر ئەو پەخشانە شیعرەی کە بۆ حەیرانەکە ئامادە کراوە، واتە پەخشانە شیعرەکە بڕیار لەسەر دریژی و کورتی حەیرانەکە دەدات لە ڕووی کاتەوە. شێوازی دەربڕینی وشەکان لە وتنی حەیراندا تایبەتمەندی بەخۆیان هەیە، هەر لە سەرەتای دەستپێکردن، کە پێویستە وشەکە درێژ بکرێتەوە، لە هەندێک کاتدا حەیرانبێژ دوو جار یەک دێڕ لە شیعرەکە دووبارە دەکاتەوە، هەرچەندە ئەوە مەرج نییە، زۆربەی کات وشەی کۆتایی دەکرێت بە دوو بەش و هەر بەشەیان بە ئەدا کردن و درێژ کردنەوە دەگوترێن. حەیران ڕیتمێکی سەربەستی هەیە ( free rhythm)، ئەدلیب (Adlib)، یان دەتوانین بڵێین بێ ڕیتمە. شێوازی هەناسەوەرگرتن و چۆنیەتی بەکارهێنان و دابەشکردنی بەسەر بەشەکانی حەیرانەکە شارەزاییەکی زۆری پێویستە، چونکە هەڵبژاردنی شوێنی هەناسەوەرگرتن لە حەیراندا زۆر گرینگە، پێویستە حەیرانبێژ شوێنی گونجاو هەڵبژێرێت و هەناسە وەرگرتنەکەی کار نەکاتە سەر ئەدای حەیرانەکە. حەیرانبیژ لەکاتی گوتنی حەیران، دوو جۆر لە وەرگرتنی هەناسە بەکار دەهێنێت: یەکەمیان لە ڕێگەی سکیەوە، ئەوەی دووەمیشیان لە ڕێگەی سینگیەوە. لە سەرەتای دەستپێکردنی هەر سێ بەشەکە، حەیرانبێژ پێویستی بە هەناسەی قووڵ و درێژ هەیە، بۆیە لەم شوێنانەدا لە ڕێگەی سکیەوە هەناسە هەڵدەمژیت. لە ناوەڕاست یان لە کۆتایی تێمەکان، حەیرانبێژ پێویستی بە هەناسەی کورت هەیە، بۆیە لەم شوێنانەدا لە ڕێگەی سینگیەوە هەناسە هەڵدەمژێت. هەندێک جار حەیرانبێژ هەناسە وەکو تەکنیکێک بەکاردەهێنێت، لەو جێگایانەشدا هەناسە وەرگرتن لە ڕێگەی سینگەوە بەکار دەهێنێت. ئەو داینامیک و جوانکاریانەی حەیرانبێژ لە گوتنی حەیرانەکەی بەکاری دەهێنێت وەکو:

(فێبڕاتۆ، میزۆ پیانۆ، فۆڕتێ، میزۆ فۆڕتێ، ئەکسێنت، کۆڕۆنا)ن، فێبڕاتۆ ڕۆڵێکی باڵای هەیە لە گوتنی حەیراندا بە شێوەیەک، حەیرانبێژ لە هەر شوێنێک بە گونجاویان بزانیت ئەوا ڕاستەوخۆ فێبڕاتۆی تیادا دەکات. بە تایبەتی دەنگی یەکەم و چوارەمی مەقامەکە زۆرترین فیبراتۆی لەسەر ئەنجام دەدرێت. هەرچەندە دریژی و کورتیی فیبڕاتۆ و هەموو داینامیکەکان مەرج نییە و حەیرانبێژ بە ئارەزووی خۆی و پێداویستی ئەو شوێنە داینامیک بەکاردەهێنێت.

**نموونە (١٥): تێکستی حەیران**

*براینە برادەرینە ئەورۆ نوێژی نیوەڕۆیێ سەرم بۆ خاڵی گەردەنت دێشی دەمەرۆ مەرۆ کچێ شل و مل چاو بەکل دڵم بە برینە برینە ئەنجن ئەنجنە کون کونە، کچێ دەوەرە لە بەینی دوو داران لەسەر لبادێکی خاوێن دانیشین سەرم باوێ سەر ڕانە نەرم و شلەکەت بەناو لەپێکی سوری بە خەنە توخوا دانی ئێواران دەمەکی سەرم ڕاژینە، گیانەکەم: ئەگەر زانیت هەر خەوم لێناکەوێ لێم گەڕێ با خۆم دەرمانێکی زۆر کاریگەری خەوێت پێ بڵێم دەزانی ئەو دەرمانە چییە؟ کە شەو ڕادەکشێ کە سێ بەشی شەوێ بەسەر دەچێ و دەبێتە بەرەبەیان کە پێرو ئاوا دەبێ ئەو ساکە سەرم بە زانایی هەڵگرە و لە مابەینێ هەردوو مەمکانتی دابنێ سەرم جوت کە لەگەڵ جووتە مەمکان ئا ئە لەوێدا بمنوێنە* (دزەیی، ٢٠٠٦: ١٣٤-١٣٥).

## ٦ دەر ئەنجام

فۆڕمی حەیران یەکێکە لە فۆڕمە باوەکانی گۆرانی لە سنوری پارێزگای هەولێر، باشوری کوردستان. حەیران وەکو هەموو فۆڕمە گۆرانییەکانی دیکە لە کوردستان و جیهانیش، پێویستە لەسەر بنەما و ڕێسای تایبەتی خۆی بنیات بندرێت. فۆڕمی حەیران لەسەر مەقامی بەیات دادەڕێژرێت، دوو جۆر شێواز بۆ پێرفۆڕمەنسکردنی حەیران هەیە، ئەوانیش شێوازی مەجلیسی و شێوازی سەرچیاییە. شێوازی داڕشتنیان لە ڕووی موزیکییەوە وەکو یەکن، واتە یەک شێوازی دروستبوونیان هەیە بەڵام لە ناوەڕۆکە موزیکییەکەیان جیاوازن. فۆڕمی حەیران فۆڕمێکی (strophic) یەک تێمییە، بەڵام لە ناوخۆیدا دابەش دەبێتە سەر سێ بەش. دەتوانین بڵێین بەشی یەکەم و دووەم و سێیەم یان (A1,A2,A3). ئەم دوو شێوازە پێرفۆڕمەنسکردنە ناوەڕۆکی فۆڕمە

مۆزیکەکەیان لە ڕووی پێکهاتەی دەنگی مۆزیکییەوە جیاوازە. شێوازی داڕشتنی فۆڕمی مۆزیکی حەیرانی مەجلیسی سەرەتا بەشی یەکەم نمایش دەکرێت، واتە بە دەنگی سەرەکیی مەقامەکە دەست پێدەکات و پاشان پلە بە پلە دەچێتە دەنگی دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەمی مەقامەکە. پاشان پلە بە پلە دەنگەکان دێنەوە خوار و ئەم بەشە لەسەر دەنگی سەرەکی مەقامەکە تەواو دەبێت. دواتر بەشی دووەم پێویستە بە دەنگی پێنجەمی مەقامەکە دەستپێدەکات و پلە بە پلە دەنگەکان دێنە خوارەوە و ئەم بەشە بە دەنگی سەرەکی مەقامەکە کۆتایی دێت. پاشان بەشی سێیەم بە دەنگی چوارەمی مەقامەکە دەست پێدەکات و پاشان پلە بە پلە دەنگەکان دێنە خوارەوە و ئەم بەشەش بە دەنگی سەرەکی مەقامەکە کۆتایی دێت.  شێوازی داڕشتنی حەیرانی سەرچیایی، سەرەتا بە بەشی یەکەم نمایش دەکرێت و پێویستە بە دەنگی پێنجەمی مەقامەکە دەستپێبکرێت و پاشان دەچێت بۆ دەنگی شەشەم و پاشان پلە بە پلە دەنگەکان دێنە خوارەوە و زۆربەی جارەکان لەسەر دەنگی چوارەم یان پێنجەمی مەقامەکە ئەم بەشە کۆتایی دێت. پاشان بەشی دووەم بە دەنگی سێیەمی مەقامە دەستپێدەکات و دەچێتە دەنگی چوارەم و پێنجەمی مەقامەکە و پاشان وردە وردە دەنگەکە دێتە خوار. پێویستە ئەم بەشە بە دەنگی سەرەکی مەقامەکە کۆتایی بێت. دواتر بەشی سێیەم بە دەنگی دووەمی مەقامەکە دەستپێدەکات و پلە بە پلە دەچێت بۆ دەنگەکانی سێیەم و چوارەم و پێنجەم و پاشان وردە وردە دەنگەکان دێنە خوارەوە و بە دەنگی سەرەکی حەیرانەکە کۆتایی دێت. شێوازی دەستپێکردنی حەیرانی مەجلیسی، دوو جۆرە، یان بە دەنگی سەرەکی مەقامەکە دەستپێدەکات کە زۆربەی جارەکان ئاوایە، یان حەیرانبێژ ڕاستەوخۆ بە دەنگی چوارەم دەستپێدەکەن. هەرچی شێوازی حەیرانی سەرچیاییە، تەنها یەک جۆر دەست پێکردن هەیە، کە ڕاسەوخۆ بە دەنگی پێنجەمی مەقامەکە دەست پێدەکات. سەبارەت بە شێوازی کۆتاییهێنانی حەیرانی مەجلیسی و سەرچیایی یەک جۆریان هەیە، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو خاڵانەی کە هەر حەیرانبێژێک بە شێوازی خۆی پێرفۆڕمەنسی دەکات. ئەوەی حەیران لە فۆڕمە گۆرانییە کوردییەکانی دیکە جیا دەکاتەوە ئەوەیە، کە پێویستە حەیران لەسەر مەقامی بەیات بنیات بندرێت و ڕیتمێکی سەربەخۆی هەبێت و شێوازی داڕشتنی

تێکستەکەی پەخشانە شیعر بێت. کۆمەڵە داینامیکێکی تایبەت و دیاری کراو هەن، کە لە زۆربەی حەیرانەکاندا هەستی پێدەکرێت، ئەوانیش بوونەتە بەشێک لە پێکهاتەی حەیران.

## سەرچاوەکان:

ئازید، جەلیل (٢٠١٦): تیۆری موزیک. چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، کوردستان، عێڕاق.
دزەیی، هۆمەر (٢٠٠٧): حەیران هەوڵێک بۆ تێگەیشتن. ناوەندی چاپ و ڕاگەیاندنی خاک، سلێمانی، کوردستان، عێڕاق.
ڕەسول، پرۆفیسۆر دکتۆرە شوکریە (١٩٨٤): ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی. بەشی دووەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، کوردستان، عێڕاق
ڕەسول، پرۆفیسۆر دکتۆرە شوکریە (٢٠٠٨): ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی. چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، کوردستان، عێڕاق.
خۆشناو، هەندرێن (٢٠١٣): خەرمانەی تەمەن. چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، کوردستان، عێڕاق.
عەدۆ، ئەسعەد (٢٠١٥): کەلەپوری کوردەواری- کۆبەرهەم. چاپی یەکەم، هەولێر، کوردستان، عێڕاق.
عەدۆ، ئەسعەد (٢٠٠٦): لاوک و حەیران هۆنراوی میللی لە فۆلکلۆری کوردیدا. چاپخانەی چوارچرا، هەولێر، کوردستان، عێڕاق.
فەرەج، غەمگین (٢٠٠٥): دەروازەیەک بۆ بۆتەکانی موزیک. چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، کوردستان، عێڕاق.
مەخموری، غەفور (٢٠٢٠): هەگبەی مەخموری. چاپی دووەم، چاپخانەی تاران،، هەولێر، کوردستان، عێڕاق.
مەخموری، غەفور (٢٠٠١): حەیران چەمک ناوەڕۆک سەرهەڵدان. چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، کوردستان، عێڕاق.
نوری، فەرمان عەلی (٢٠١٣): فۆڕمە موزیکییەکان. چاپخانەی کەمال، سلێمانی، کوردستان، عێڕاق.
یاسین، د. بارزان (٢٠١٨): لەناو موزیکی کوردیدا سەمبەلۆژیای موزیک بنچینەکانی مەقام. چاپی یەکەم، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی، کوردستان، عێڕاق.
یاسین، بارزان: سەردەمی کلاسیک لە مێژوودا هایدن مۆزارت بێتهۆڤن. چاپی یەکەم، ٢٠٠٢، پاریس.
چاوپێکەوتن
حەیران، ئەمیر حەسەن. ١٢-٢٠٢٠، هەولێر، کوردستان، عێڕاق.

ڕەسول، پ د شکوریە. ١-٢٠٢١، هەولێر، کوردستان، عێراق.
خۆشناو، برهان. ١٢-٢٠٢٠، هەولێر، کوردستان، عێراق.
شێخانی، نایف. ١-٢٠٢١، هەولێر، کوردستان، عێراق.
عەدۆ، ئەسعەد. ١-٢٠٢١، هەولێر، کوردستان، عێراق.
کەبابچی، جیهانبەخش. ١٢-٢٠٢٠، هەولێر، کوردستان، عێراق.

# *Heyran* Form in Kurdish Music: in the Context of Style and Performance

**Khakmand Majeed Abdullah**
Department of Music, College of Fine arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
khakmandmajeed@gmail.com

**Dr. Nahro Zagros**
Soran university presidency, soran university, soran, Kurdistan region, Iraq
Nahro.zagros@soran.edu.iq

***Keywords:*** *Heyran, Musical Forms, Kurdish Songs, Heyrani Mejlisi, Heyrani çyai*

## Abstract

This is a qualitative research based on fieldwork on heyran form in Kurdish music in and around the vicinity of Erbil city. attempts to analyze heyran in its unique musical form. Several oral testaments have been gathered for this research, which they offer some exceptional insights to heyran form. Also, a number for heyran examples have been studied and notated for better understanding. This research will be a good source for not only those who study heyran, but also those who are interested to examine the other musical forms in Kurdish musical culture by using the very method on which this research is based.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# شكل الحيران في الموسيقى الكوردية: في سياق الصيغة والاداء

**ملخص:**

هذه الدراسة، دراسة ميدانية ونوعية (qualitative)، يلقي الضوء على شكل الحيران في الموسيقى الكوردية ضمن سياقها في جغرافية مدينة اربيل واطرافها، ومحاولة علمية لتحليل فن الحيران الغنائي ضمن شكلها الموسيقي. اعتمد على مجموعة من مصادر شفوية في مقابلات ميدانية ومصادر مكتوبة في هذا المجال وتسجيلات الصوتية المتوفرة لحيران، وتحليل مجموعة من نماذج الحيران وتدوين نوتاتها. ان هذه الدراسة يمكن ان تعتبر كأساس جيد للدارسين والباحثين في مجال الحيران، واستفادة من نظرية المستخدمة في هذه الدراسة لتحليل اشكال اخرى في الموسيقى الكوردية.